## كورد و نەوت

ڕاستەوخۆ دوای ڕوخانی ڕژێمی دکتاتۆری سەدام و بەحوکمی ناوچەیەکی ئارام و حکومەتێکی دیفاکتۆ لە کوردستان، هەندێک لەوڵاتانی ڕۆژئاوا درکیان بەبوونی نەوت کردبوو لەخاکی هەرێم و ڕوویان لەکوردستان کرد، هاتنەکەشیان زیاتر ئابوری بوو لەوەی کەسیاسی بێت، لەسەرەتادا چالاکیەکانیان بەتەحەفوزو و بەچەند کۆمپانیایەکی بچووک و ئەهلیەوە دەستی پێکرد، ئەوکاتە ئەمریکا وەک حاکمی مەدەنی و عەسکەری لەعێراق هیچ بایەخێکی ئابوری بەهەرێم نەدا و هاوکاریەکەی تەنیا لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی لەبەغدا دەکرد، هەربۆیە وڵاتانی ئەوروپی تریش هەمان سیاسەتیان پیادەکرد سەبارەت بەدۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت لەهەرێمی کوردستان، کۆمپانیای (شێل)ی بەریتانی هۆڵەندی یەکێک لەوانەبوو کارکردنی لەکوردستان ڕەتکردەوە،  دوای ئەمان کۆمپانیای( ستاتۆیل)ی سەر بەدەوڵەتی نەرویجیش  کەهەلی کارکردنی بۆ ڕەخسا، نەیویست بێتە ناو هەرێم، بەبیانوی ئەوەی کە کوردستان بەشێکە لە عێراق و پەیوەندی ئابوری و بازرگانی دەبێت لەگەڵ بەغدا ببەسترێت، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٤ یەکەم کۆمپانیای نەوتی ئەوروپی کە ئامادەیی خۆی پێشاندا، کۆمپانیایایەکی بچووکی ئەهلی نەرویجی بوو بەناوی(دی ئێن ئۆ) هاتە ناو کوردستان و لەکێڵگەی تاوکە، نزیک لەزاخۆ، دەستی کرد بەکارو لەماوەیەکی کەم نەوتی دۆزیەوەو سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێناو ڕۆڵێکی کاریگەری دەگێڕا لەهەمبەر کێشەکانی فرۆشتن و هەناردەکردنی نەوت لەنێوان هەولێر و بەغدا، کەدوا جار لەلایەنی سیاسی بەسوودی هەرێم تەواو بوو، ئەویش دەرئەنجامەکەی ڕازیبونی وەزارەتی نەوت بوو لەبەغدا بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بەناو تورکیادا، دیارە ڕازی بوونی تورکیاش دوای ئەوەهات کە کۆمپانیای( گەنەل ئەنەرژی) تورکی، زۆربەی پشکەکانی کۆمپانیا نەرویجیەکەی کڕیبۆوە، بەهەرحاڵ هێنانی ئەم کۆمپانیا بچووکە بووە هۆی دۆزینەوەو هەناردەکردنی نەوت و پێگەی حکومەتی هەرێمی بەرامبەر سیاسەتی نەوت لەبەغدا بەهێزکرد، تێکڕای ئەم پرۆسەیەش، ئەگەرچی زیاتریش لەبەرژەوەندی ئەم کۆمپانیا بیانیە بووە، بەڵام جێی دەستخۆشیکردنە لە کابینەی ئەو کاتەی حکومەتی هەرێم کەتوانی بەزیرەکانە ئەم کۆمپانیایە بهێنێتە کوردستان و دوای ئەمەش چەندین کۆمپانیای تری بەدوا داهات.
ئێستا دوای نزیکەی حەفت ساڵ لەهاتنی ئەمریکا بۆ عێراق، ساڵی پار بۆ یەکەمین جار مەزنترین کۆمپانیای نەوت لەجیهان کەئەویش( ئێکسۆن مۆبایل)ی ئەمریکیە وێڕای نارەزایی توندی

دەسەڵاتدارانی بەغدا، هاتە کوردستان و شەش گرێبەستەی لەگەڵ هەرێم واژۆ کرد، هاتنی ئەم کۆمپانیایە دەکرێت بێگومان بەمێژوویی وەسف بکرێت و خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت، چونکە جگە لەوەی گەورەترین و بەنفوزترین کۆمپانیای ووزەیە لەجیهان، وەک باڵێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش سەیر دەکرێت و هیچ پرۆژەیەک بێ ڕاوێژکاری فەرمی ئەم وەزارەتە ئەنجام نادات، بۆیە دوور نیە لەئایندە ئەمریکا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی خۆی پشتیوانی بکات لە کوردستانێکی سەروەر و سەربەخۆ، نەوت گرنگترین سامانی سروشتیەو تاکەداهاتی گەلی کوردە، کاتێک لەمیدیا دەرەکیەکان باس لەچالاکی نەوت دەکرێت لەکوردستان، ژمارەکان ئاماژە بەملیۆن بەرمیل و بەملیار دۆلار دەکەن، کەچی هاوڵاتی هەیە لە کوردستان ناتوانێت ناتوانێت بەشەنەوتی زستان بۆ کەسوکاری دابین بکات،هەربۆیە پێویستە سیاسەتی نەوت بەوپەڕی کراوەیی و شەفافی تاوتوێبکرێت و بەرژەوەندی باڵای نیشتیمانی لەسەروی هەمووشتێکەوە دابنرێت و پەرلەمانی کوردستان نەوت بەیاسا ڕێکبخات، نەوەک چەند کەس و لایەنێک دوور لەمیدیاو بەپێی بەرژەوەندی شەخسی خۆیان گرێبەستەکان ئەنجام بدەن، ئەم ئەرکەش لەهەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان بەپلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی ئۆپۆزسیۆن، چونکە بۆ وڵاتێکی وەک ئەمریکا گرنگترین شت ئەوەیە بەرژەوەندیەکانی پارێزراو بێت، نەک ڕەوشی مافی مرۆڤ و دیموکراتی لەکوردستان، کەواتە پارتی لەدەسەڵات بێت یان گۆڕان، جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە بۆ ئەمریکا.

**یونس حەمەد رەشید**